## فەلسەفەکانی ریکلام

فەلسـەفەی ریکلام:- ریکلام لەبنچینەدا رازیکردنە، ئەگەرچی رازیکردن زانسـت نیە، بەڵام هونەرە. بەشـێوەیەکی سـروشـتی و ئاسـایی فەلسـەفە پەیوەندی بەزانسـت و زانسـتە ئەدەبییەکانی وەک وێژەو مێژووەوە هەیە. ریکلام نە زانسـتەو نە زانسـتە ئەدەبییەکانی وەک وێژەو مێژووە. هەرچەندە ریکلام هونەرێکی کرداریە، زانیاری و تەکنیک، لەزانست و هونەرەکانی تر وەردەگرێت و بەمەبەستی رازیکردن پەیامە ریکلامەکان دروست دەکات و دایدەرێژێت.

## فەلسەفەکانی بەبازارکردن

بەبازارکردن (marketing):- بریتیە لەو رەفتارو چالاکییانەی کە کۆمپانیاو خاوەن بەرهەمەکان، لەپێناو برەودان و فرۆشتەنی زیاترو ساغکردنەوەی بەرهەمەکان، دەیگرنەبەر.

پرۆسـەی مارکێتینگ، حەوت هەنگاوی گرنگ دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی لەزمانی ئینگلیزی هەریەکەیان بە پیتی (p) دەست پێ دەکات، بۆیە پرۆسەی بەبازارکردن بە (p7) ناسراوە:-١- (production-بەرهەمهێنان). ٢-(price-نرخ-). ٣-(promotion-برەوگەشـەپێدان)،لەرێگەی بانگەشـەو ریکلامکردن و گۆرین لەجۆری بەرهەمەکان ...هتد. ٤-(place-شـوێن)، هەڵبژاردن و دۆزینەوەی شـوێنی سـاغکردنەوەی بەرهەمەکان. ٥-(people-خەڵک)، تاوەکو دەکرێن بەکڕیار. ٦-(physical evidence-سروشتی روونکردنەوەوپیشاندان)،بەمانای بەشێوەیەکی واقعیانەو سروشتیانە، چۆن پاساو و بیانوو بۆ بەرهەمەکان بەکاردەهێندرێن، لەرێگەی روونکردنەوەو پیشـاندانی زیاتر. ٧-(process-رێ و شـوێنەکان)، لەسەرەتاوە تا کۆتایی، چۆن ئەو بازنەیە تەواو دەکرێت، هەروەها شێوازی جێ بەجێکردن و نمایشکردنی.

بەبازارکردن:-فەلسەفەی ئیدارەدانی بەبازارکردن بەمانای گەیشتن بەئامانجەکانی دامەزراوەکان، کەپشت دەبەستێ بە دیاریکردنی پێداویسـتییەکان و ئارەزوەکانی ئەو بازارانەی کەجێگای ویسـتن و وە پێشـکەشـکردنی رازیبوونی داواکارییەکان بەشێوەیەکی ززۆر کارا و بەتوانایەکی زۆر لەنێو رکابەرەکاندا.

# فەلسەفەی بازارکردن

فەلسـەفەی بازارکردن:- ئەو فەلسـەفەی که دامەزراوە بازرگانییەکان پێویسـتە شـیکردنەوە بۆ کڕیارەکان بکەن و ئینجا دلنیابوون لە دروسـتکردنی بڕیارە پێویسـتەکان،بەشـێوەیەکی باشـتر لەململانێ و پیشـبرکێکردن. ئەمرۆ زۆربەی دامەزراوە بازرگانییەکان پشت بە فەلسـەفەی بازارکردن دەبەستن بەڵام لەهەموو بابەتێک و لەهەموو کاتێکدا پەنای بۆنابەن!

فەلسـەفەی بازارکردن، بەمانای بیرۆکەی بازارکردنە کەوا فۆکەس دەکاتەوە سـەر (بەرهەمهێنان، فرۆشـتن، باوڕی هێنان و رازیکردنی کڕیار).

کام فەلسەفەی بازارکردن لەمڕۆدا زاڵترە؟

ئێمە هەموو کات دەسـتەواژەی بازارکردن و فەلسـەفەی بازارکردنمان گوێ لی دەبێت، بەڵام ووردەکارییەکانی کەمجار روون دەکرێتەوەو کەمجار قسەی لەسەر دەکرێت.

لەوکاتەوەی بازارکردن، بریتیە لەپرۆسـەیەکی داهێنەرانە، بریتیە لە کۆمۆنیکەیشـن، بریتیە لە دەسـتکەوتنی بەکاربەر بۆ بەرهەمەکان، لەرێگەی رازیکردن بەدابینکردنی پێداویستی و داواکارییەکان، ئەوا مەبەستی فەلسەفەی بازارکردن، بۆ نـاسـینەوەی -دۆزینەوە و هێنـانەدی- جێبەجێکردنی، داواو پێـداویسـتییەکانیـانە. هەروەهـا خواسـت و داوا لەپێشینەکانیانە.

ئەو دروسـتکردنەی فەلسـەفەی بـازارکردن ئەوپەڕی گرنگە، تەنـانەت بۆ سـەرکەوتنی بەبـازارکردن، سـەخت و دژواریشە. (واتا گرنگە بەڵام ئاسان نیە)

فەلسـەفەی بازارکردن:-بەگوێرەی بزنسـەکە و بەگوێرەی مەودای فراوانی بەکاربەران، فەلسـەفەی بازارکردن دەبێتە پێنج بەش، ١-بەرهەمهێنان.٢-بەرهەم. ٣-فرۆشتەنی.٤-بازارکردن.٥-فەلسەفەی بازارکردنی کۆمەلگا. هەریەکە لەوانە تایبەتمەندی و بەکارهێنانی خۆی هەیە. هەندێکیانباشـتر لەوانی تر کاردەکەن، کەئەمە دەوەسـتێتە سـەر جۆری بسنسەکە. بۆیە هەریەکە پێویستی تایبەتی خۆی هەیە:-

١-فەلسـەفەی بەرهەمهێنان:- لێرەدا فەلسـەفەی بەبازارکردن، هەمووی دەربارەی بەرهەمهێنانە. بەواتای بازرگانی و بزنسـەکان سـود لەهەرزانی و هەبوون و زۆری بەرهەمەکان دەبینن، بەشـێوەیەک ئەو بەرهەمانەبن کە بەکاربەر دەیەوێت.

نمونەیەک وەک ( **Henry Ford**) و ئوتومبێلە بەنـاوبـانگەکەی. پێش ئەوە ئوتومبێلەکـان زۆر گران بوون، چونکە بەرێژەیەکی زۆر بەرهەمیان نەبوو.

لەراستیدا کاتێکی زۆری ویست و ماندبوونی زۆری دەویست، بەڵام فۆرد هەستی بەوەکرد، هەموو کەس پێویستی بەئوتومبێلە نەوەک تەنها دەوڵەمەندەکان. بۆیە بڕیاریدا بەدروستکردنی ئوتومبێل بەشێوەیەکی بەرفراوان. ئەگەرچی وەک دەڵێن ئەو بیرۆکەیەی لە ئەندازیارێکی بەناوی (William Klann) وەرگرتووە. کاتێک سەردانی گوشتارگا-قەسابخانەیەک لەشیگاگۆ دەکات و بوو بەهۆی جۆشدان و هاتنەپێشەوەی ئەو بیرۆکەیە. کە هێلی کۆکەرەوە، بووە هۆی خێرایی و زۆرو زیاترکردنی بەرهەمەهێنانی ئوتومبێل، کە شۆرشێک بوو بۆ کۆمەلگەی ئەمەریکی و پاشان بۆ هەموو جیهان بەگشتی.

ئنجا چین سودی لەهێلی کۆکەرەوە بینی، بۆ دروستکردنی پێکهاتەکانی ئاسن و دروستکردنی چەک، پاشان ئەو چەمکە هاتە ئەوروپاو شۆرشی پیشەسازی لێ کەوتەوە.

فۆرد و مۆدیلەکەی (هێلی کۆکەرەوە) نمونەیەکی باشی فەلسەفەی بەبازارکردنی بەرهەمهێنان و بازرگانی بوونە. زانیان کەوا بەکاربەرەکان پێویستیان بەچی یەو چۆن بەرهەم زۆر زیاتر دەکەن. چونکە بەمە تێچوون کەمی کردو نرخ هەرزانتر دەبوو.

فەلسەفەی بەرهەمهێنان بەکاردێت، کاتێک کۆمپانیاکان هەوڵی فراوانکردن دەدەن. واتا بەگشتی (بەرهەمهێنانی زۆرو هەرزانی نرخ)

فەلسەفەی بەرهەمهێنان:-کڕیارەکان بەرهەمە پەسەندکراوەکان زاڵ دەکەن ، واتا کڕیارەکان کۆمپانیاکان بۆ هەبوونی بەرهەم و کوالیتی نرخی بەرهەمەکان، کۆمپانیاکان ناچار دەکەن. لەوێوە کۆمپانیاکان فۆکەس دەکەنە سەر گەشەدان بەبەرهەمەکان و کاریگەری ساغکردنەوەی بەرهەمەکان.
٢-فەلسەفەی بەرهەم:- فەلسەفەی بەرهەمی مارکێتەکان، ئەوەیە کە فۆکەس دەخاتە سەر کوالیتی بەرهەمەکان، چونکە بەکاربەر بەدوای باشی و کوالیتی بابەتەکاندا دەگەڕێت. بەڵام لەفەلسەفەی بەرهەمهێنانی مارکیتینگ، فۆکەس لەسەر زۆری بەرهەمهێنان و هەرزانی نرخە. بۆیە لەفەلسەفەی بەرهەمی مارکیتینگ، فۆکەس لەسەر باشترین و پێشکەوتووترینە.
نمونە (ئەپل)، کە زۆر کار دەکات، تاوەکو تەکنەلۆجیای نوێ تر لە بەرهەمەکانیدا بهێنێتە بەرهەم، بۆیە بەردەوام بەکاربەر داوی لەئەپل، بەدوا کەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ ترە.
دۆزینەوەی فەلسەفەی بەرهەم، بۆ تەکنەلۆجیای مارکێتینگ بەکاردێت. هەروەها فۆکەسکردنە سەر کوالیتی.
فەلسەفەی بەرهەمەکە:-کریارەکان پەسەندی خۆیان بەسەر کوالیتی و ئەداو چۆنیتی خۆنواندن و نیشاندان و تازەیی و نوێتی بەرهەمەکە.

٣-فەلسـەفەی فرۆشـتەنی:-فەلسـەفەی بەرهەمهێنـان و بەرهەمەکان، هەمووی دەربـارەی بەرهەمهێنـانە، ئەو فەلسـەفەی بەبازارکردنە فۆکەس دەکاتە سـەر بڕەودان بە بەرهەمەکان چونکە باوەری وایە کە بەکاربەران نایانەوێ ئەو بەرهەمانە بکڕن گەر بێت و بانگەشـەو ریکلامیان بۆ نەکرێ. بازرگانییەکان سـود لەفەلسـەفەی بەبازارکردن دەبینن، کە باوەریان وایە دەتوانن هەر بەرهەمێک بفرۆشن، کە بانگەشەو ریکلامی بۆ بکرێت.

لێرەدا بەرهەمی زۆرو مونافەسـەی زۆر لەنێو بازرگان و کۆمپانیاکان دروسـت دەبێت. بۆیە توانای بەرهەمهێنان زیاد دەکەن و بەرهەمەکان زۆر دەکەن. کۆمپانیاکان هەوڵی فرۆشـتەنی زیاتری بەرهەمەکان دەدەن، کەلێرە فەلسـەفەی مارکیتینگە.

ئەمرۆ، ئەو جۆرە لەفەلسـەفەی بەبازارکردن، زۆر بەکاردێت، لەبەر هەمان هۆ، کە بەرهەمەکان دەمرن و سـتۆک دەبن. بەرهەمە مردوەکان وا لەکۆمپانیاکان دەکەن کە نەتوانن بیانفرۆشـن و بیانخەنە کۆگاکان، کەئەمە تێ چوون و بودجە لەسـەر کۆمپانیاکان دەوەسـتێ. بۆیە لەرێگەی بەکارهێنانی فەلسـەفەی بەبازارکردن، هانی خەڵک دەدەن بۆ کڕین و فرۆشتەنی.

فرۆشـتەنی:-بیرۆکەی فرۆشـتەنی، ئەوەیە کڕیارەکان بەرهەمی کۆمپانیاکان ناکڕن، تاوەکو کۆمپانیاکان ووزەو برەودان و هەولێکی زۆر گەورە بۆ فرۆشتەنی پێشکەش نەکەن. بۆ نمونە لەرێگەی ریکلام یان رێگاکانی تر...هتد
فەلسـەفەی فرۆشـتەنی:- نمایشـکردنی ناسـاندن و بەهاکانە، جا چ وەک کۆمپانیا بێت یاخود وەکو فرۆشـیارو مەندوبێک بیت. فەلسەفەی فرۆشتەنی، رێگاو چۆنیەتی کاریگەرییەکانی تۆیە لەسـەر کڕیار، کەوا بکەیت فرۆشتەنی دروسـت بێت. ئەو رێ و شـوێنانەی تۆیە.( کە بۆ دروسـتکردنی فرۆشـتەنی، لەدروسـتکردنی کاریگەری سـەر کڕیارو مەنهەجی دروسـتکردنی فرۆشـتەنی دەگیرێنەبەر). لێرەدا وا هەسـت دەکرێت فەلسـەفەیەکی فرۆشـتەنی بەکارهاتبێت (دراسەکردن).لەوانەیە وا هەست بکەیت فرۆشتەنیەکی باش بکەیت، بەڵام لەوانە چانسەکە ئەوەبێت، پێویستت بە پێشخستن و چاککردن و پەرەسەندنی زیاتر بێت.

٤-فەلسـەفەی بـازارکردن:- ئەو فەلسـەفەیە هەمووی دەربـارەی فێربوونە دەربـارەی بەکاربەرو کڕیارەکان، وە ئەو بەرهەمـانە دەهێنـدرێنەدی کەدەزانن بەکاربەران پێویسـتیـانە. لەنێوان هەموو فەلسـەفەکانی بەبـازارکردن، ئەم فەلسـەفەیە لەمرۆدا زۆرترین فۆکەسی لەسـەرە. چونکە زۆر قورسـە بتوانیت هەموو شـتێک بفرۆشـیت، بەبێ زانین و ناسـینی وەرگرو کریارو بەکاربەرانی ئامانجدارو سـەرنج راکێشـانیان بۆ کاڵاکە. لێرەدا لەفەلسـەفەی مارکێتینگ شـوێن بۆ بەکاربەران زۆر گرنگە، تا ئەوەی دەیانەوێت یان پێویستیانە بەئاسانی دەستیان بکەوێت.

زانینین و ناسینی وەرگرەکانت بنچینەیە بۆ بزنسێکی سەرکەوتوو. ئەم فەلسەفەیە فۆکەسی لەسەر بەکاربەرانە.

-فەلسەفەی فرۆشتەنی، بەکاردێت کاتێک بەرهەمێکی زۆری نەفرۆشراو هەبێت. هەروەها فۆکەس دەکرێتە سە خواست و پێویستییەکانی بەکاربەرو ناسینیان.

٥-فەلسەفەی بازارکردنی کۆمەڵگە:-فەلسەفەی بازارکردن هەمووی دەربارەی زانینی پێداویستییەکانی بەکاربەرانە، ئەم فەلسەفەیە، گرنگی دانە بەژینگەو خۆشگوزەرانی کۆمەڵ. واتا چۆن کار لەسەر ئەو بوارانە دەکرێت کەپەیوەندیان بە کۆمەڵ هەیە، پیسی ژینگەو برسێتی و نەخوێندەواری...هتد لەبەرئەوەی کاتێک کۆمپانیاکان گرنگی بەم کێشانە دەدەن، بەکاربەران و وەرگر زیاتر بەرەو روویان دێن، ئەگەرنا ژمارەیەکی زۆر لەبەکاربەران، تورە دەبن و دووردەکەونەوە. بۆیە زۆرێک لەکۆمپانیاکان لەرێگەی کاری بەخشین و خێرخوازی، لەنێوکۆمەڵگەدا خۆیان دروست دەکەن.

بۆ نمونە بەکارنەهێنانی پلاستیک یان وەرگرتنەوە ریسایکلینی کە لەخزمەت کۆمەڵگەیە.

فەلسەفەی بازارکردنی کۆمەڵگە، بەکاردێت لەلایەن هەموو جۆرەکانی بازرگانی و براندەکان.

بازارکردنی کۆمەڵی:- بیرۆکەی ئەمە، ئەوەیە کەوا دامەزراوەکان، کار لەسەر پێداویستییە بەپەلەکان و ویستراوەکان و ئارەزوەکان بکەن کەوا ئامانج و جێگای گرنگی بازارەکانە، وە پێشکەشکردنی رازیبوون بەشێوەیەکی چالاک و کاراو بەتوانایەکی وا لەنێو رکابەرەکاندا بەشێوەیەک کە پارێزگاری و گەشە و برەوپێدانی خۆشگوزەرانی بەکاربەران و کۆمەڵگە.


## چەند نمونەو هەوڵێک لەفەلسەفەکانی ریکلام و ریکلامکردن

هەموومان لەباوەڕەداین، لەهەموو بابەتێک،شتێک دەربارەی دەزانین. چونکە لەپێشتردا گوێبیستی بووین و زانیوومانە. بۆ ئەمە لەبازارکردن و فرۆشتەنی بەهەمان شێوە، ئەزموونەکانی پێشوو، جێگای سوودن بۆ ئەمڕۆ. هەندێک لەو فێربوونانەی بواری بازارکردن، دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەر.هەندێک لەو وانانە بۆ ژیانی ئێستامان و بۆ ئەوکاتانە ئێجگار گەورەو گرنگ بوونە. مارکێتینگی نایاب و بەهێز، بیرکەرەوەو داهێنەرەکانی ئەو بوارە، گرنگە لەبەشێکیان شارەزابین و پەندو ژیری و وانەکانیان لێ فێربین. بۆیە لێرەدا فەلسەفەی چەند مارکێتێکی بەناوبانگ و خاوەنەکانیان دەخەینەروو:-

**یەکەم:- بر اندەکەت بریتیە لە رۆشنبیری و کەلتورەکەت. تۆنی هسیهای،**

ئایا کۆمپانیاکان چی بکەن، کاتێک نەتواندرێت دەستی خەڵک بەو براندە بگات کە دەیانەوێت؟

لەرێگەی پۆستکردنی (بلۆگ)ێک بەناوی "باشترین رێگا بۆ دروستکردنی براندێک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ چیە؟ لەژێر ناوی "رۆشنبیری و کەلتور" هەمووان لەو باوەرەداین کەرۆشنبیری و کەلتوری کۆمپانیاکەی تۆ لەگەڵ براندنی کۆمپانیاکەی تۆ، دوو سایدن بۆ هەمان نرخ. واتا بەهەردوو سایدەکە نرخ دیاری دەکرێت. کەواتە کەلتورو رۆشنبیری تۆ، دەبێتە براندەکەی تۆ.




تۆنی هسیهای:- لە ١٩٧٣/١٢/١٢ لەشاری ئۆربانای ولایەتی ئالینۆیس لەدایک بووە. بەرەچەلەک تایوانی بووەو ئاوارە بووە. باوکی ئەندازیاری کیمیایی بووەو دایکی لەسۆشیال کاری کردوە. کاتێک تەمەنی پێنج ساڵ دەبێت، بەخێزانەوە بەرەو کالیفۆرنیا دەچن و لە سان فرانسیسکۆ گەورە دەبێت. دوو برای هەبوون بەناوەکانی (ئاندی و دەیڤ). لەساڵی ١٩٩٥ زانکۆی هارفارد لە زانستی کۆمپیوتەر تەواو دەکات. لەماڵەکی خۆی ئیدارەی فرۆشتنی پیتزای بۆ تەلەبەکان دەکرد. پاشان بوو بە بەرێوەبەری کۆمپانیای زاپۆس. دواتر لە کۆمپانیای ئۆراکل کاری کردووەو دوای پێنچ مانگ بەشداری لەدروستکردنی تۆڕی ریکلامکردنی (LinkExchange) دەکات. کەیەکێکە لەرێبەرەکانی بازرگانی ئینتەرنێتی لەئەمەریکاو خاوەن سەرمایەکی زۆرە. لەبەرێوەبردن و جێ بەجێکاری کۆمپانیای زاپۆس پێلاو و جلو بەرگی ئۆنلاین لە مانگی هەشتی ٢٠٢٠ خانەنشین دەبێت. کەماوەی ٢١ ساڵ لەوێدا کاری کردبوو. تۆنی هسیهای، تۆڕی ریکلامی (LinkExchange) کە ریکلامی ئینتەرنێتی بوو لەساڵی ١٩٩٨ بە ٢٦٥ ملیۆن دۆلار فرۆشی بۆ مایکرۆسۆفت کردوە.

کۆمپانیای زاپۆس، بۆ فرۆشـتـەنی پێڵاو لەڕێگەی ئۆنلاین، بیرۆکەی هسـیای و هاوڕێیەکی بووە. کە لە سـاڵی ٢٠٠٠ بە بڕی ١,٦ ملیۆن دۆلار فرۆشیان هەبوو، لە سالی ٢٠٠٩ فرۆشیان بووە ١ بلیۆن دۆلار.

هسـیای وا هەنگاوی دەنا کە چۆن کڕیارەکان هەسـتیان ئاسـودە دەبێت و متمانە بە فرۆشـتـەنی ئۆنلاین دەکەن. بۆیە دەستی کرد بەوەی "ئازادن لەکڕین و ئازادن لەگەڕانەوەی"

لە ٢٠٢٠/١١/٢٧ کۆچی دوایی کردوە، دوای ئەوەی لە ٢٠٢٠/١١/١٨ لە نیو لەندەن کە شـارێکە دەکەوێتە باکۆری ئەمەریکا و لەسـەر روبارە، لەکاتی سـەردانکردنی مالێک لەجەژندا (جەژنی سـوپاسـکردن) لەوێدا لەروداوێکی ئاگرکەوتنەوە بریندار دەبێت و پاشـان بەکاریگەری سـوتان و دوکەڵ، دوای نۆ ڕۆژ واتا دوو هەفتە لەوەی ببێت بە ٤٧ ساڵ، بەیەکجاری ماڵئاوایی دەکات.


**دووەم:- بینجامین فر انکلین:**- "نوسـینێک شـایەنی خوێندنەوە بێت، کارێک شـایەنی نوسـین بێت". ڕێنوینیکردن بۆ دروسـتکرنی نەریتێک، جا لەبارەی مرۆڤ بێت یاخود براندەکە. ئەوا بۆ ئەمە ووتەیەکی بینجامین فرانکلین هەیە کەدەڵێ:-"کۆتایی هەر شـتێک پەیوەسـتە بەبابەتێکی سـەرنج راکێش، هەتا ئەگەر مردنیش بێت". بۆیە پێویسـتە:-" نوسینێک شایەنی خوێندنەوە بێت، کارێک شایەنی نوسین بێت"




بینجـامین فـرانکلین:- لە ١٧٠٦/١/١٧ لەدایـک بووە. زانـایەکی بەریتـانی ئەمەریکی بووە. بـاوکی یەکێـک بووە لەدامەزرێنەرانی ئەمەریکا. فرانکلین، نوسـەرو فەیلەسـوف و سـیاسـی و پیاوی دەوڵەتداری و دبلۆماسی بووە. ڕۆڵی دیاری لەسەردەمی رۆشنگەری ئەمەریکا و مێژووی فیزیاو دۆزینەوەو تیۆرەکانی پەیوەسـت بەکارەبا هەبووە. دامەزرێنەری چەنـدین رێکخراوی مەدەنی و یەکەمین بەشی ئاگرکوژێنەوە لە فیلادلفیا دامەزراندووە. لەفەرەنسا یەکەم بالیۆزی ئەمەریکا بووە. نوێنەرێکی چالاکی نەتەوە یەگکرتووەکان بووە.

لەتەمەنی ٢٣ ساڵیدا رۆژنامەی بنسلفانیا دەردەکات. یەکەمین سەرۆکی ئەکادیمی کۆلێژی فیلادلفیا بووە. یەکەمین سکرتێری کۆمەلەی فەلسەفەی ئەمەریکی بووەو لەساڵی ١٧٦٩ بەسەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە هەڵبژێردراوە. فرانکلین پاڵەوانێکی نەتەوەیی بووە. لە ١٧٨٥- ١٧٨٨ دەبێتە حاکمی بنسلفانیا. رۆڵی لەبواری سیاسی و زانستی هەبووە. وێنەی لەسەر سەد دۆلاری هەیەو گەشتی جەنگی بەناوەو ناوی دەیان و سەدان دامەزراوەو شارۆچکەو کۆمپانیا، بەناوی فرانکلین ە.

**سێیەم:- نوسینێک بۆکەسێکی دیاریکراو. تیم فیریس**






فۆکەسکردنەوەی فیریس لەسەر متمانەیە، ئەمە کاتێک دروست دەبێت کەوا بەقولی دەربارەی کەسێک دەزانیت. هەستەکە وەک ئەوەیە کەوا نوسینێک بۆ هەموو کەسێک بێت. بۆیە فیریس دەڵێت:-"نوسینێک بۆ دوو لەنزکترین هاورێیەکان، کە گرفتێکیان هەیە، تۆ چارەیان بۆ دەکەیت".

تیم فیریس:-پیاوێکی ئیشکەری ئەمەریکایە. وەبەرهێنەرو نوسەرە. لەویلایەتی نیۆرک لەدایک بووە. زانکۆی برینستۆن لە ٢٠٠٠ تەواو دەکات. دوای تەواوکردنی زانکۆ،لە کۆمپانیای کۆگای داتا کار دەکات.

لەساڵی ٢٠٠١ کۆمپانیای (Brain QUICKEN)ی دامەزراند کەوا کەلوپەل و بەرهەمە خۆراکییەکان لەرێگەی ئۆنلاین دەگرێتەخۆی. هەروەها کۆمپانیایەکی بەناوی (BodyQUICK) فرۆشتە لەندەن.

کتێبێکی بەناوی (The 4-Hour Workweek) دانا، لەپێناو دیزانێکی تری ژیان و ئاسانکاریکردن لە کارو بەرهەمهێنان و شێوازی ژیان. بەتایبەتی لەدوای خانەنشین، چۆن لەجوار کاتژمێردا برەودان لەریگەی بلۆگینگ دروست دەکریت. ئەم کتێبە بۆ سەر چل زمان وەرگێردراوەو زیاتر لە ٢,١ ملیۆنی لێ فرۆشراوە. چەندین جار چاپی نوێ کراوەتەوە.

**چوارەم:-بیرکردنەوەی جیاواز. ستیف جۆبس**

تەنها نەی دەویســـت مۆبایلەکان بفرۆشـێ، بەڵکو دەیوویســـت ئەزموونەکانی بفرۆشـێ. لەرێگەی ئەو فێربوون و بیرکردنەوە جیاوازە، دەتواندرێت خەونەکان و هەروەها بەرهەمەکان بفرۆشرێت.



ســـتیف جۆبس:- لەرێکەوتی ١٩٥٥/٢/٢٤ لەئەمەریکا لەدایک بووە. دیزاینەرێکی پیشـــەســـازی و وەبەرهێنەرو ســـەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردن و بەرێوەبەری جێ بەجێکردن و دەســـتەی دۆزەرەوەی ئەپل بووە. ســـەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردن و بەشـــداربووی (Pixar ) بووە. ئەندامی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی کۆمپانیای ( Walt Disney )و دامەزرێنەرو ســـەرۆک و بەرێوەبەری جی بەجێکاری کۆمپانیای (NeXT) بووە. لەحەفتاکان و هەشتاکان پێشرەوێکی شۆرشی کۆمپیوتەری کەسی بووە. شان بەشانی دروستکەرانی ئەپل بووە. ستیف وزنیاك (Steve Wozniak)و رۆناڵد وەینی.

لەســـاڵی ١٩٩٧ هەڵمەتێکی ریکلامی بەناوی (بیرکردنەوەی جیاواز) بۆ ئەپل ئەنجامدا. هەروەها ئەم بیرۆکەیە iMac و iTunes و iTunes Store و Apple Store و iPod و iPhone و App Store و .iPad لە ٢٠٠١ گرتەوە. پاشـــان، ســـیســـتەمی کارپێکردنی Mac OS گۆری بە ســـیتەمێکی نوێ کارپێکردن Mac OS X ، کەلەئێســـتادا ناســـراوە بە (macOS)، Macintosh operating system

لەســـاڵی ٢٠٠٣ دەرکەوت شـــێرپەنجەی لەپەنکریاســـی هەیەو لە ٢٠١١/١٠/٥ لەتەمەنی ٥٦ســـاڵیدا بەیەکجاری ماڵئاوایی کرد.